# کوردناسی

قۆناغی یەکەم

ئامێز فاتح محمد صالح
مامۆستای یاسای تایبەت

2025-2024

Amez.mohamedsaleh@su.edu.krd

مەبەست لە کوردناسی ناساندی لایەنە جیاوازەکانی پەیوەست بە نەتەوەی کوردە لایەنی مێژوویی، جوگرافی، زمان، کلتور و ئاین.

دەکرێت ئەو دید و بۆچوونانە لە لایەن نوسەرانی کورد خۆیان ڕوو یان لە لایەن نووسەرانی بیانی کە لە ناو کوردا ژیاون و ئاشنا بوون بە یەکێك لە بوارەکانی پەیوەست بە نەتەوەی کورد بۆ نمونە ئەوانەی لێکۆلینەوەلە مێژووی کورد دەکەن.

دوای ئەوەی لێکۆلینەوە دەربارەی کورد کراون بە شێوەی سەربەخۆ و جیا لە گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست وەکو لقێکی سەربەخۆ زاروەی (کوردۆلۆجی) بەکارهاتووە.

# لێکۆلینەوە لە لایەنە جیاجیاکانی نەتەوەی کورد

یەکەم: لە لایەن نووسەرە کوردەکان

1- د. عبدالله جودەت لە ساڵی 1913، لە گۆڤاری (رۆژی کورد) لە ئەستەنبول، بۆ یەکەم جار زاروەی کۆردۆلۆجی بەکارهێناوە.

2-کامەران بەدرخان لە ساڵی 1918 لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمان لە گۆڤاری (اجتهاد) دەربارەی کورد لێکۆلینەوەی کردووە.

3-جەلادەت بەدرخان لە ساڵی 1934 وتارێکی بە ناوی کورد و کوردستان لە چاووی بیانیەکان لە گۆڤاری (هاوار) بلأوکردۆتەوە

دووەم: لە سەر ئاستی جیهان

1- بۆیەکەم جار لە ساڵی 1959 لە رۆسیا لە ئەکادیمیای زانستی سان پترسبۆرك کوردناسی وەك بەشێکی سەربەخۆ دەرکەوت.

# هۆکارەکانی سەرهەلدانی گرنگی دان بە لێکۆلینەوە لە نەتەوەی کورد:

1- هۆکاری سیاسی( پێگەی سیاسی کورد کە کەوتبووە نیوان هەردوو دەولەتی عوسمانی و سەفەوی، وە هەروەها ولأتانی رۆژ ئاوا وویستویانە سوودی لێ وەربگرن بۆ هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە. وە سەرەڕای بوونی دەسەلأتی میرنشین و خێلەکی کوردەکان کە سەرنجی نووسەرانی رۆژئاوای بۆ لای خۆی راکێشابوو).

2- ئابوری: بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە و بە پیتی خاکەکەی وە بە تایبەت دوای دەرکەوتنی نەوت و کانزا لە سەدەی 19ز.

3- ئاینن و کلتور: بوونی بیرو باوەڕ و ئاین و مەزهەبی جیاواز لە کوردستان لەوانە (ئاینی ئیسلام و یەزیدی و مەسیحی و کاکەیی و یەهودی و شەبەك)، مەزهەبەکانی سوننە و شیعە.
لە باوترین ئاییەنەکان لە کۆندا زەردەشتی بووە.

4–هونەری: گرنگی دان بە لایەنی هونەری لەلان هەنەرمەند و شاعیر و ئەدەب دۆستانی بیانی، ئەگەرچی لێکۆلینەوە لەم لایەنەی کورد درەنگتر سەری هەلداوە لە چاو لایەنە سیاسیەکەی. بەلام گرنگی زۆری هەبووە لە سەرهەلدانی لێکۆلێنەوە لە نەتەوەی کورد.
ئەمەش دوای ئەوەی نوسەر و شاعیرانی بیانی سەردانی ناوچەکەیان کردووە وە سەرسام بوون بە سروشتی کوردستان و سادەیی ژیان و کۆچبەرانی کورد.
–وە هەروەها بوونی چەندین چیرۆکی ئەڤیندار ی کە جێگای سەرنجی نووسەر و شاعیرانی بیانی بووە لەوانە مەم وزین
لاس وغەزال و شیرین و فەرهاد..
گرنگی دان بە شوێنەوارە مێژوویەکان لە کوردستان و شارستانیەت لە ناوچەکە لە لایەن مێژوو نووسانی رۆژئاوا. لەوانە ئەشکەوتی شانەدەر و گوندی چەرمۆ.

# بەشی یەکەم: زمانی کوردی
# زاراوەکانی زمانی کوردی هۆکاری نەبوونی زمانی ستانداری کوردی

## پێناسەی زمان

پێناسەی دیاردەیەکی وەکو زمان کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی لە بەرئەوەی دیاردەیەکە لە زۆر ڕوانگەی جۆر بەجۆرەوە سەیردەکرێ هەر شارەزایەک لە چوارچێوەی بابەتەکانی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، بێگومان پێناسەی زانایانی دەروون و زانایانی کۆ-زمانەوانی و زمانەوانان و ئەندازیاری دەنگ و فەیلەسووفەکانیش ناشی وەک یەک بن لە بەرئەوە زمان دەیان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە و لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی دەخەینەڕوو: -

١-زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەر یەکەیان خاوەنی واتا و مۆرفێکن. (مارتنیت).

٢-زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لە یەکتر گەیشتن بەکاردێت و بە هۆی ڕشتەی وتن بیستنەوە لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا کار دەکات، دەنگەکان رەمزن و واتە لە خۆوە وەردەگرن.

٣-کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات.

## گرنگی زمان:

لەم سەردەمەدا گرنگی دان بە زمانی دایك بە رێژەیەكی بەرچاوو زیادی كردووە، هەر بۆیە لە لایەن رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانی وینسكۆ رۆژی (2/شوبات) ی وەكو رۆژی جیهانی زمانی دایك ناسندووە.

بە پێی ئامارێكی وینسكۆ لە دنیادا نزیكەی (6000 هەتا 6500) زمان بوونی هەیە، كە زۆرێكیان بە هۆی گرنگی نەدان و كەمتەرخەمی دەسەلأت لاواز بوونە كە لە هەر (12) رۆژێك زمانێك لە ناودەچێت، وە لە چەند دەییەی داهاتوودا، مەترسیەكی گەورە بەشێك لە نەتەوەكان دەگرێتەو، چونكە بە مەرگی زمانێك نەتەوەیەك دەمرێت.

# زمانی کوردی و شێوەزارەکانی زمانی کوردی

# زمانی کوردی

زمانی کوردی زمانێکی ڕەسەن و زیندووە، خاوەن مێژوویەکی کۆنە ولەگەل گەشە وگۆرانی کۆمەلگای کوردی گەشەی کردووە و بەرەو پێشەوە چووە.

زمانی کوردی زمانێکی هیندو ئەوروپیە، بەلأم تاوەکو ئێستا یەکلا نەبوەتەوە کە بە تەواوەتی میراتی کام زمانی مێژووییە وە بنج وبنەوانەی دەگەرێتەوە سەر چ سەردەمێك وە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. هەر بۆیە لە نێوان زانایان ڕای جیاواز لە سەر مێژوو ڕەچەڵەکی زمانی کوردی دروست بوو.

# مێژووی زمانی کوردی

شارەزایانی مێژووی زمانی کوردی دابەش دەکەن بە سەر چوار قۆناغدا، بەم شێوەی خوارەوە:

## یەکەم: قۆناغی کۆن

ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدییەکان وکۆتایی دەوڵەتی هەخامەنشییەکان لە ساڵی (550–700)پ.ز.

کۆنترین بەڵگەی نووسراو لەم قۆناغەدا (ئاڤێستا)ی زەردەشتە کە پیتەکانی لە چەپەوە بۆ ڕاست نووسراوون، ژمارەی پیتەکانی (60) پیتە.

ئەم سەردەمە (250) ساڵی خایاندووە.

## دووەم: قۆناغی ناوەند

ئەم قۆناغە لە زنجیرە پاشایەتی ئەشکانییەکان دەست پێدەکات کە بە پەهلەوی ئەشکانی بەناوبانگە، لە ساڵی (200) پ.ز دەستی پێکردووە وە تاوەکو هاتنی ئایینی ئیسلام بەردەوام بووە.

## سێیەم: قۆناغی شێوەزار

لە ماوەی سەدەی حەوتەم و هەشتەم، زمانی کوردی زمانی ئاخاوتن بووە نەك زمانی ئەدەبیات و نووسین و ئەگەرچی زمانی کوردی لەو ماوەیەدا وەك زمانی ئاخاوتن زمانێکی یەکگرتوو بووە، بەڵام لەو ماوەیەدا کورد بۆ زمانی نووسین ڕویان کردووەتە زمانی تر وەك زمانی عەرەبی یان زمانی فارسی.

بەڵام لە سەدەی نۆیەمی زاییینی بە هۆی زیندوو بوونەوەی هەستی نەتەوایەتی ناوچەییەوە کورد وردە وردە گەڕاوەتەوە سەر بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی خۆی و لەم چوارچێوەیەدا دوو بەیتتەکانی (بابا تاهیری هەمەدانی) کە بە زمانی لوری نووسیوویەتی بە یەکەم تیکستی کوردی نووسراو دادەنرێت.

## چوارەم: قۆناغی نویێ

دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (ڕۆژنامەی کوردستان) لە ساڵی (1898) لە قاهیرە، وەك دەستپێکی قۆناغی نوێی زمانی نووسینی کوردی دادەنرێت

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی وەك ڕوداوێکی مێژوویی، ڕۆشنبیری، زمانی و نەتەوەیی بۆ مێژووی کورد و قۆناغی چوارەمی زمانی کوردی وقۆناغی بژارەکردنی زمانی کوردی لە ووشەی بێگانە و سەرهەڵدانی شێوەزارێکی نوێی زمانی نووسینی کوردی دادەنرێت.

# شێوەزارەکانی زمانی کوردی

## 1– زاراوەی کرمانجی باکور:

ئەم دیالێکتە لە هەموو دیالێکتە کوردیەکانی تر فراوانترو زۆرترە، چونکە کوردەکانی باکور(کوردەکانی تورکیا) کە خۆی لە پارێزگاو ناوچەکانی (بایەزید، وان، جۆلەمێرگ، سیعرت، مووش، ماردین، دیاربەکر، خەرپوت، ئەدیابان و غازیان تەپە و بەشەکانی خۆرهەڵاتی پارێزگای مەرعەش و سیواس و بەشەکانی باشووری پارێزگای ئەرەزروم و قارس، هەموویان بەم دیالێکتە دەدوێن و قسەئەکەن، هەروەها کوردەکانی باشووری خۆرئاوای ئەرمەنستانی شوورەوی و باکوری سوریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆک و زێبارو ئامێدی و سنجار و ئاکرێ ی، هەروەها شاری خۆی و قوتور یش دەگرێتەوە هەروەها چەند لقە دیالێکتێکی لێ دەبێتەوە بەم شێوەی خوارەوە

ا- بایەزیدی : لە باکورو باکوری خۆرهەڵاتی زەریاچەی وان
ب- هەکاری : لە باشوورو باشووری خۆرئاوای زەریاچەی وان
پ- بۆتانی: لە دەوروبەری دۆڵی بۆتان و شاری سیعرەت و ئەرتوش و جەزیرە و دیاربەکر
ت- شەمدینانی : گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرهەڵاتی زێی ژوورو و ناوچەکانی نزیک بەم زێ یەش لە ئێرانیشدا داپۆشیوە
ج- بادینانی : لە پارێزگای دهۆک و قەزاکانی ئامێدی و ئاکرێ وشێخان و شەنگاردا.
چ- دیالێکتی خۆرئاوا : خەرپوت و ئورفە و عفرین و مەرعەشی گرتۆتەوە

# 2– زاراوەی کرمانجی ناوراست:

ئەم دیالێکتە هەموو باشووری ئەو هێڵە خەیاڵیەی پێشوو دەگرێتەوە، کە ئەمیان لە دیالێکتی کرمانجی باکور جیادەکاتەوە بەرەو باشووریش تا چەمی سیروان و شاری خانەقین کشاوە لە خۆرئاواشەوە تا زورگەکانی حەمرین بەرەو خۆرهەلات دەگرێتەوە ئەم دیالێکتە پێنج دیالێکتی ناوچەیی تری لێ بوەتەوە کە ئەمانەن

ا-موکری :- مەڵبەندەکانی شنۆ، نەغەدە، مەراغە،میاندواو، شاهێن دژ، سەقز، بۆکان، بانە، سەردەشت
ب-سۆرانی:- قەزای زێباری لێ دەرچێ هەموو پارێزگای هەولێری گرتۆتەوە، ناوجەرگەکەشی شاری هەولێرە
پ-ئەردەڵانی :- مەڵبەندەکانی سنە، بیجار، کەنگەوەر، ڕەوانسەر و باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ
ت-سلێمانی(یا بابانی) :-شاری سلێمانی ناوجەرگەکەیەتی هەموو پارێزگاکەو هەندێ ناوچەی خانەقینیش گرتۆتەوە
ج-گەرمیانی : زۆر جیاوازی لەگەڵ سلێمانی نیە هەموو ناوچەکانی کەلار و کفری و قەرەتەپەو دوز و کەرکووک قسەی پێ ئەکەن

## 3- زاراوەي كرمانجى باشوور :

ئەمەش هەر لە ناوچەكانى قەسرى شيرين و كرماشان و مەلايەرەوە بيگرە بەرەو باشوور كشاوە تا دەگاتە كەناراوەكانى باكورى خۆرهەڵاتى كەنداوى عەرەب و ئەم دياڵێكتە هەموو تيرەكانى كوردى لور پێى ئەدوێن بە هەموو ئەو ناوچەيەش ئەڵێن لوڕستان، يان ئەم دياڵێكتە ناسراوە بە دياڵێكتى لوڕ
دەكرێن بە دوو بەشەوە لورى گەورەو لۆڕى بچوك، لوڕى گەورە لە تيرەكانى بەختيارى و مامەسانى و كوهگلو پێكدێن
لوڕى بچوك يش لە تيرەكانى دڵفان، سەلسەلە، باڵاگرێوەو، ئاماڵەن و فەيليەكان.

## 4– زاراوەی گۆران :

هەر لە باکوری رێگای نێوان قەسری شیرین – کرماشانەوە دەست پێ دەکات بەرەو باکور کشاوە تا دەگاتە شاخەکانی هەورامان لە خۆرئاواشەوە هەر لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆر هەڵات داپپۆشیوە تا دەگاتە کرماشان، ئەم دیالێکتە چوار لقی لێدەبێتەوە
ا- گۆرانی رەسەن: گۆرانی رەسەن لە ناوچەی کرند و زەهاو جوانرۆیی پێی دەدوێن، هەروەها هەندێ کاکەیی ناوچەی داقوق و تیرەی زەنگنەی کفری و قادرکەرەم و سیامەنصوو سەر بە ناوچەی لەیلان.
ب-هەورامی:دانیشتوانی شاخەکانی هەورامان و پاوە پڵنگان و دەوروبەری هەموویان بەم دیالێکتە دەدوێن هەورامان یش دوو بەشن یەکەمیان: بەشی تەخت کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتەوە واتە دیوی ئێران، بەشی دووەمیان : هەورامانی لهۆنیان لە خۆرئاوای زنجیرە شاخەکانی هەورامان لە بەشی کوردستانی باشوور
پ- باجەڵانی : ناوچەکانی باکوری خۆرئاوای موسڵ کە لە سەر دینی (شەبەک) ن، هەروەها هەندێکیان لە خەڵکی ناوچەی کەلار و زەهاو و خانەقین و ناحیەی مەیدان و قۆرەتوو و هۆرێن و شێخان بەم شێوە زمانە دەدوێن.
ت- زازا : لە ناوچەکانی نێوان ئەرەزرووم و مووش و خەربوت ئەرزنجانەوە لە ناوچەی نێوان فورادسۆ و موورادسۆ بەتایبەتی ناوچەی دەرسیم دەگرێتەوە

1- مەبەست چیە لە زمانی ستندار و پێوەرەکانی چین

2- زمانی کوردی یەکگرتوو

4- هۆکارەکانی نەبوونی زمانی ستنداردی کوردی

# مەبەست لە زمانی ستندارد (فەرمی)

زمانی ستاندارد، کە زمانی ( ئەدەبیی یەکگرتوو، زمانی فەرمی، زمانی نوسین، زمانی باڵا، زمانی هەمووان، زمانی دەوڵەتیو زمانی دەستوری)یشی پێدەڵێن، ئەو شێوە زمانەیە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیەك، یان لە سنووری دەوڵەت و دەسەڵاتێکی حکومڕانی دیاریکراو لەبواری نوسینو خوێندنو کاری فەرمیو کارگێڕی بەکاردەهێنرێت.

# مەبەست لە زمامی ستندارد(زمانی فەرمی)

**زاراوەی زمانی ستاندارد دیارە زاراوەیەکی دروستکراوە، چونکە شتێکی ئاشکرایە کە لە هەموو زمانێکی دنیادا زار /شێوەزمان [دایەلێکت) هەن و هەبوون بەرلەوەی زمانێکی هاوبەشی باوو ناسراو کە پێی دەوترێ زمانی ستاندارد دروست ببێ.**

**پێناسەی زمانی ستندار چیە؟ چ زمانێك بە ستندار دادەنرێت؟ پێوەرەکانی زمانی ستندارد چین؟**

**– لە سەر ئاستی جیهان پێناسەی جیاواز بۆ زمانی ستندار دەکرێت، زۆربەی پێناسەکان بە دیاری کردنی پێوەرەکانی زمانی ستندارد پێناسەی دەکەن.**

– دەتوانین لێرەدا بڵێین ئەو کۆمەڵە روخسارە چین کەوا دەبنە هۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی یاخود زمانی عربی وەکو زمانێکی ستندار بناسیرندرێت.

هەندێ جار زمانێك بووەبە ستنداردولە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژووی سروشتی بە شێوەی خۆرسك یان بە شێوەی دروست کراو بووە بە زمانی ستندارد.

# ئەو مەرجانەی لە هەموو پێناسەکانی زمانی ستندارد دووبارە دەبنەوە بریتین لە مانەی خوارە:

1- فەرهەنگێك یان چەند فەرهەنگێکی سەرچاوەیی باوەرپێکراو کە وشەگەلی زمانەکە تۆماربکات وەك فەرهەنگی ئۆگسفۆرد وکامبرج بۆ زمانی ئینگلیزی.

2- سەرچاوەیەکی رێزمانی باوەرپێکراو کە شێوەکان و یاسان و ستراکتۆرەکانی زمانەکە تۆمار بکات.

3- بەکارهێنانی زمانەکە لە تۆمارنامەی یاسایدا وەك دەستووری ولاتەکە.

4- تێکستی ناسراوی جیهانی لە ئاین و فەلسەفەو زانستی پیێ تەرجەمە کرابن وە کتێبخانەیەکی فەرهەنگی و زاننستی دەولەمەند بەو زمانە هەبن.

5- زمانی وتارو قسەی رۆشنبیرانی ولاتەکە بن.

6- بوونی ئامرازی پێویست لە کتێب و خوول و بروانامەی تایبەت بە زمانەکە بۆ کەسێکی بیانی بیەوێت فێری زمانەکە بیێت بتوانێت بە ئاسانی فێر ببێت. بوونی دەزگایەکی تایبەت بە فێر کردنی زمانەکە بۆ کەسانی بیانی کە بیانەوێ فێری زمانەکە ببن.

7- بەکارهێنانی زمانەکە لە ژیانی سیاسی وگشتیدا وەك لە پەرلەمان بەو زمانە گفتوگۆ بکرێت.
8– خوێندنی رەسمی بەو زمانە بێت لە ولأتەکە.
9– توێژینەوەو لێکۆلینەوەی  فەرمی لە سەر ئەو زمان لە ناوەندەکانی خوێندن (پەروەردە و خوێندنی بالأ)

# سوودەکانی زمانی ستندارد

1- دروستکردن و پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەرامبەر هەڕەشەی ئەوی دی، واتە هەرەشەی تواندنەوەی زمانیی یان کەلتووریی.

٢. ئەرکی سیاسی وەک زمانی فەرمی دەولَەت یان حکومەت بۆ ئاسانکردنی کارە ئیدارییەکانی وگەیاندنی بەهاولاَتییان.

٣. بەکارهێنانی زمان بۆ بەهێزکردنی تێکگەیشتن و ئاخاوتنی ئەندامانی کۆمەلگەیەک و هەستکردنیان بە ئەندامێتی ئەو کۆمەڵگایە.

٤. دروستکردنی هەست وهۆشیاری و یەکێتی نەتەوەیی و زاڵبوون بە سەر دابەشی ناوچەیی و خێڵگەریی و خیلَەکییدا.

## گرنگی بوونی زمانی کوردی ستندارد

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووەکان لە جیهاندا لە کۆی 143 زمان کە لە لایەن دەزگای خزمەتگوازی تاقیکردنەوەی پەروەردەیی جیهانی بە فەرمی ئاماژەی پێکراوە ETS

1- گرنگی بوونی زمانی ستنداردی کوردی هیچ کەمتر نیە لە بوونی ژیاری سیاسی و مێژووی و کلتوری و کۆمەلایەتی بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوایەتی و بوونی دەولەت.

2–پاراستنی کەلتوور و فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوەی کورد.

3– دەربازببون لە بیری خێڵەکی و ناوچەگەرایی.

4– پێشکەوتن و شارستانیەت. کە زمانێکی فەرمی هەبیێت بۆ توێژینەوەو لێکولینەوە.

# هۆکارەکانی نەبوونی زمانی ستنداردی کوردی گرفت و چارەسەرەکانی

## 1- قۆناغی پێش راپەرین و دامەزراندنی حکومەتی کوردی

- بارودۆخی سیاسی و مێژووی کورد پێش ڕاپەرین.
- خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی وەك پێویست نەبووە.
- نەبوونی حکومەتی کوردی و پەرلەمان ( هەر زمانێك تاکو گەشە بکات پێویستە زمانی حکومەت بێت، نووسراوی فەرمی بە زمانی کوردی دەرنە دەچوو)

## 2– قۆناغی دوای ڕاپەرین و حکومەتی کوردی

- لە گەل ئەوەی زمانی کوردی لە بەلگە نامە یاساییەکان بە فەرمی ناسیندراوە لە عێراق.
- ئەگەرچی ماوەی 32 ساڵە کورد لە باشووری کوردستان (کوردستانی عیراق)، خاوەنی حکومەتو دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتدارییە، بەڵام تائێستا زمانێکی ستانداردو یەکگرتووی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نیەو بەپێچەوانەشەوە لە دامەزراوە فەرمیو کارگێڕییو پەروەردەییەکانیدا، دوو زاری زمانی کوردی کاری پێدەکرێت.

یەکلانەکردنەوەو بە هەڵپەسێردراو هێشتنەوەی پرسی زمانی ستاندارد، کە هێندەی پرسی سەربەخۆییو بوون بە دەوڵەت گرنگە، هەم مایەی نیگەرانیە لە دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی کورد، هەمیش جێی تێڕامانو مشتومڕی بەردەوامی پسپۆڕانو شارەزایانو ڕِوناکبیران و خەمخۆرانی زمانی کوردییە.

## گرفتەکانی بەردەم زمانی یکگرتووی کوردی

1– رێکنەکەوتنی پسپۆرانی کورد لە سەر زاراوەیەکی دیاری کراو زاڵ بوونی بیری ناوچەگەری و خێلەکی بە سەریاندا و قبولنەکردی یەکتر (بیرۆکەی دوو ستانداردی دروست کردووە).

2– نەبوونی لیژنەی تایبەت بە زمان لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان کە کار لە سەر ئەم پرسە گرنگە بکات.

3– ڕۆڵی ئەکادیمایی کوردی کە ئەرکی سەرکی ئەکادیمیاکە دانانی زمانی یەکگرتووی کوردیە وەك پێویست نەبووە تاکو ئێستا.

# دەرئەنجامەكان

1- پێكهێنانی لێژنەیەك لە پسپۆرانی زمانی كوردی بۆ دانانی سەرچاوەیەكی تایبەت بە ڕێنووس و ڕێزمانی كوردی  بە فەرمی بناسندرێت، تاكو ببێت بە  سەرچاوەیەكی فەرمی باوەرپێكراوو بۆ زمانی ستنداردی كورد هەروەها دانانی فەرنگێك زمانی كوردی بۆ زمانێكێك یان دوو زمانی ستندارد وەك عربی و ئینگلیزی.

2- كردنەوەی دەزگایەیك فەرمی تایبەت بە فێركردنی زمانی كوردی بۆ فێرخوازانی زمانی كوردی كە پشت بە سەرچاوەكانی خاڵی یەكەم ببەستێت، و بروانامەی تایبەت بە دەرچوانی ئەم دەزگایە هەبێت.

3- پیكهێنانی لێژنە لە سار ئاستی زانكۆكانی كوردستان لە بوارە جیاجیاكان وپسپۆری جیاواز  بۆ وەرگێرانی كتێبە زانستی و فەلسەفیەكانی تایبەت بە هەر بوارێك.

4- گرنگی دان بە توێژینەوەی ونووسین بە زمانی كوردی دەولەمەند كردنی كتێبخانەی كوردی لە هەموو بوارە جۆر بەجۆرەكان.

5- هەولدان بۆ پێش خستی زمانی كوردی و دەولەمەند كردنی كتێبخانەی كوردی بلاۆكراوە بە زمانی كوردی لە سەر ئاستی تاك ( كەسانی ئەكادیمی و رۆشنبیران) لە سەر ئاستی ڕێكخراوەكان كۆمەڵگای مەدەنی، دام و دەزگا میدیایەكان دەتوانن رۆلێكی گرنگ بگێرن.

# بەشی دووەم
# کورتەیەك لە مێژووی کورد

## مێژووی کورد دابەشی سەر چوار قۆناغی سەرەکی، بەم شێوەیە:

### سەردەمی کۆن:

**کوردستان بە پێی ئەوەی کە شوێنەوار ناسان پێی گەیشتوون دادەنرێت بە یەکێك لە کۆنترین شوێنەوارەکانی شارستانیەت.**

لەم ناوچە جوگرافییەی ئێستا پێی دەوترێت کوردستان شوێنەوار ناسان کۆنترین شوێنەواری کۆمەلگای مرۆڤیان دۆزیوەتەوە، هەروەك ئەشکەوتی (شانەدەر) سەر بە پاریزگای هەولێر وە هەورەها (هەزارمێرد) لە پارێزگای سلێمانی و (کێوی بیستون) لە کرمانشان کە مێژووەکەیان دەگەرێتەوە بۆ (35) هەزار سالْ پ.ز.

## نەژادی ئاری و نەتەوەی کورد

کورد وەك یەکێك لە نەتەوەکانی نەژادی ئاری کە لە چیاکانی زاگرۆس و ولأتانی ئێران و تورکیا وسوریای ئێستا، لە سەر شێوەی کۆچەری لە جێگایەگ دەچوونە جێگایەکی تر، تاوەکو بەرەبەر فێری کشتوکاڵ بوون و جێگیر بوون دێهات و شاریان دروست کردووە، بەم شێوە فێری شارستانیەت بوون.

دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا لە ساڵی (700) پ.ز، تاوەکو ساڵی (550) بە دەستی کۆرش لە ناوچوو لە سەر شویوێنەواری ئیمپراتۆریەتی میدیا ئیمپراتوریەتی فارسی دامەزرا.

## سەردەمی ناوەراست:

پاشان روخانی ئیمپراتۆریەتی ئێران لە لایەن موسولمانان، لە ناوچوونی ئاینی زەردەشتی و بلاْوبوونەوەی ئاینی ئیسلام، وە بەشێکی زۆری ناوچە کوردییەکان لە ژێر دەسەلاتی موسوڵمانان بوو لە سەردەمی خەلیفەی راشیدەین.

وە لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی کۆمەلێك ئەمارەتی کوردی دروست بوون بە شێوەی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ.

# لیستەی حکومەت و ئەمارەتەکانی کورد

## لەکاتی فەرمان ڕەوایی عەباسیەکان

| ژ | ناوی حکومەت | جێگاو مەڵبەند | ماوەیان |
|---|---|---|---|
| ١. | ڕەوادی | ئازربایجان. تەورێز | ٢٣٢ک. ٦٢٠ک |
| ٢. | دۆستەکی مەڕوانی | دیار بەکرو بتلیس | ٣٨١ک. ٤٨٩ک |
| ٣. | بەرزیکانی | کوردستانی عیراق و ئێران پایتەخت (شەرماج) | ٣٣٠ک. ٤٠٦ک |
| ٤. | ئەیوبی | مصر. سوریا. فلسطین. یەمەن. جزیرە. پایتەختیان شاری/ قاهیرە/ دمشق | ٥٦٧ک. ٦٨٥ک |
| ٥. | زەند | خوارووی ئێران. شیراز. کوردستانی ئێران (سنە) ئەم دوو شارە پایتەخت بوون. | ٦١٧ک. ١٢٨٤ک |
| ٦. | شەدادی | ناوچەی ئەریوان پایتەخت (گەنجە) | ٣٤٠ک. ٥٩٥ک |
| ٧. | لوڕی گەورە (فضلویة) | لوڕستان. پایتەخت. ئیزاج سوج. | ٥٥٠ک. ٨٢٧ک |
| ٨. | لوڕی بچووک (خورشیدی) | لوڕی بچووکد. پایتەخت/ خوڕەم ئاباد | ٥٧٠ک. ١٠٠٨ک |
| ٩. | براخویی | بلوچستان پایتەخت/ کیلات | ١٢٤٥ک. ١٢٨٣ |
| ١٠. | جزیرە (ئازیزان) | جزیرەو گورگیل پایتەخت/ شاری جزیرە | ٦٤٥ک. ٩٢١ک |
| ١١. | خێزان | هەرێمی خێزان. پایتەخت/ خێزان | ٦٤٠ک. ٩٢١ک |
| ١٢. | شێروان | ناوچەی بتلیس. پایتەخت/ شاری (کفرە) | ٦٤٥ک. ٩٢١ک |
| ١٣. | ساسۆن | ناوچەی مووش. پایتەخت/ بتلیس | ٦٢٧ک. ١٠٦٦ک |
| ١٤. | سویدی | جەبا قجوور. پایتەخت/ شاری (گەنج) | ٦٢٧ک. ١٠٦٦ک |
| ١٥. | پازۆک | خنس. پایتەخت/ مەلازگر | ٦٢٧ک. ١٠٦٦ک |
| ١٦. | میردەسی | سەرووی دیاربەکر. پایتەخت/ شاری ئاگیل. | ٦٢٧ک. ٩٥٠ک |
| ١٧. | چەمشکزک | ناوچەی دەرسیم. پایتەخت/ چەمشکزک | ٥٩٦ک. ١٠٠٠ک |
| ١٨. | دنبلی | ناوچەی خوو. پایتەخت/ سەلماس | ٣٥٠ک. ٨٨٠ک |
| ١٩. | شوانکارە | فارس و کرمان. پایتەخت/ بەردەسێر وە کرمان | ٤١٦ک ٥٥٦ک |

پاشان سەرهەڵدانی دەولەتی عوسمانی وە لەم سەردەمەشدا کورد چەند ئیمەرتێکیان دامەزراندوە.

## ئەو حکومەتانەی –شوێنی–

## کە پاش ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی و لەزەمانی عوسمانیەکان


## لەکوردستان دامەزراوە

| ژ | حکومەت | جێگاو مەڵبەند | ماوەیان |
|---|---|---|---|
| ١. | حسن کیف | خۆرهەلاتی دیاربکر- پایتەخت/ (حسن کیف) | ٧٣٦ک- ٩٢١ک |
| ٢. | سلیمانی | قولپ لەناوچەی گرنج- پایتەخت/ (قولپ) | ٧٣٦ک- ٩٢١ک |
| ٣. | زاراکی | ناوچەی ماردین- پایتەخت/ (ماردین) | ٧٣٦ک- ١٠١٦ک |
| ٤. | حەکاری | ناوچەی (حەلەب) باش قەلا جۆلە مێرکد- پایتەخت/ (کلیس) | ٧٣٦ک- ١٠٠٥ک |
| ٥. | برادۆست | تەرگەوەر- پایتەختی (سۆمای) | ٨٥٠ک- ١٠٥٠ک |
| ٦. | موکری | ناوچەی موکری- پایتەخت/ (مەراغە) | ٧٠٠ک- ١٢٥٩ک |
| ٧. | بادینان | ناوچەی بادینان- پایتەخت/ (زاخۆ) | ٧٠٠ک- ١٢٦٠ک |
| ٨. | سۆران | ناوچەی حەریر- پایتەخت/ دوین- حەریر- رواندز | ١٦٠٠زایین- ١٨٤٤ زاین |
| ٩. | بابان | وولاتی سلیمانی- پایتەخت/ (قەلاچوالان) | ٩٠٠ک- ١٢٦٧ک |
| ١٠. | بانە | ناوچەی بانە- پایتەخت/ بانە | ٩٠٠ک- ١٣٣٣ک |

Scanned with CamScanner

## سەردەمی نوێ:

لە سەرەتای سەدەی شازدەم سەفەوییەکان وەکو هێزێکی نوێ لە رۆژهەلأتی کوردستان دەرکەوتن، وبە پێی رێکەوتنامەی ئەرزروم لە (1639) کوردستان بە شێوەیەکی کرداری دابەش کرا لە نێوان سەفەویەکان وعوسمانیەکان، بەم پێیەش ئیماراتی بەدلیس و بۆتان وهەکاری وبادینان و بابان و سۆران لە چوارچێوەی نفوزی عوسمانی بوون، وە هەروەها ئیمارەتەکانی لورستان وئەردەلان و موکریان وە هتر لە چواچێوەی نفوزی دەوڵەتی سەفەوی بوون.




الخارطة رقم «١»

تقسيم كردستان بين الدولتين

# کورد لە سەدەی بیستەم (1900–1918):

- دامەزراندنی یانەی کوردی لە ساڵی 1908.
- بلاْوکردنەوەی رۆژنامەی هێڤی لە لایەن کۆمەلە قوتابییەکی کورد لە تورکیا.
- بەهۆی ستراتجیەتی ناوچەکە گەلانی رۆژئاوا چاویان بریبووە ناوچەکە، ویستیان هەبوو شەرو ئاژاوە لەم ناوچەیە دروست بکەن و بە ناوی نابژیوانی خۆیان بگەیەنە ناوچەکە، بۆیە ساڵی 1917 رۆسیا و بەریتانیا گەشتنە رێکەوتن بۆ دابەش کردنی سنوری نێوان ئێران ودەولەتی عوسمانی لە نێوان خۆیان.

# کورد لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم سالی 1918.

– جاردانی دامەزراندنی حکومەتی کوردی لە لایەن شێخ مەحمود لە سلێمانی لە 30/ ئەیلولی 1922/.

–رووداوەکانی شۆرشی کورد لە کوردستانی باکوور لە سالأنی 1925–1930، لەوانە شۆرشی ئاگری داغ، شۆرشی سمکۆی شکاك.

–شۆرشی بارزان رووداوەکانی ناوچەی بارزان تاکو سالی 1943.

–دامەزراندنی کۆماری مهاباد لە کوردستانی رۆژهەلأت 1945.

–دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 1946.

–رێکەتنەکانی نێوان بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد و حکومەتی عێراقی (رێکەوتنامەی 11ی ئازاری 1970).


–راپەرینی 1991.

# بەشی سێیەم
# جوگرافیای کوردستان

کوردستان دەکەوێتە ناوچەیەکی ستراتیجی جیهان، دەکەوێتە نێوان هێلی درێژی نێوان (36,5) و (49) وهێلی پانی (30,5) و (40,5) لە کیشوەری ئاسیا، وە پانتاییەکی فروان لە زەوی دەگرێتەوە کە نزیکەی (500) هەزار کم2، کە بە قەدەر پانتایی ولاتی ئیسپانیا دەبێت بە نزیکەیی.

# ئەم پانتاییە دابەش بوو بە سەر چوار بەشدا بەم شێوەیە:

| بەش | پانتایی بە کم2 | رێژەی سەدی لە پانتایی کوردستان | رێژەی سەدی لە پانتایی ولاتی داگیرکەری کوردستان |
| --- | --- | --- | --- |
| کوردستانی باکوور(تورکیا) | 210000 | ٪42 | ٪26,90 |
| کوردستانی رۆژهەلاَت (ئێران) | 195000 | ٪39 | ٪18,86 |
| کوردستانی باشور (عێراق) | 83000 | ٪16 | ٪18,86 |
| کوردستانی رۆژئاوا (سووریا) | 15000 | ٪3 | ٪8,10 |
| کوردستانی گەورە | 503000 | ٪100 | |




الخارطة رقم «٦»

التقسيم الاداري في كوردستان وحدود المحافظات في كل الاجزاء

Scanned with CamScanner

جگە لەو چوار پارچەی کوردستان لە هەندێك ولاتی تریش کورد بونیان هەیە وەك (لوبنان، ئیسرائیل، پاکستان، ئەڤغانستان، یەکیتی سۆڤیەت، ئەرمینیا، ئازەربایجان، گورجستان، تورکمنستان).

## ژمارەی دانشتوان

وە سەبارەت بە ژمارەی دانشتوانی دەگاتە نزیکەی (30) ملیۆن کەس، بەو پێیەش کوردستان بە پلەی سێیەم دەێت لە کۆی 193 دەوڵەت لە جیهان، واتە لە هەموو جیهان (163) دەوڵەتی سەربەخۆی بچووك تر لە کوردستان هەیە لە رووی ژمارەی دانشتوان.

# پیکهاتەی دانشتوانی کوردستان

–پێکهاتەی نەتەوەیی: کوردستان پیکهاتووە لەم نەتەوانەی خوارەوە:

زۆینەی کوردستان لە نەتوەی کورد پیکهاتووە بەلاًم جگە لە کورد نەتەوەی تریش هەن وەك عەرەب و تورکمان وکلدان وسریان وئاشوری وئەرمەنی.

پێکهاتەی ئاینی: زۆینەی هەرە زۆری خەلًکی کوردستان سەر بەئینی ئیسلامن بە تاییەتیش مەزهەبی سونە لەدوای ئەوە ئیسلامیەکانی شیعە مەزهەب بە پلەی دووەم دێن، وە ئەوەی تریش دەمنێنەتەوە سەر بە ئاینەکانی ترن وەکو مەسیحی و جولەکە و کاکەیی و یەزیدی و زەردەشتی.

## – سەرچاوەی ئابوری کوردستان

1– کشتوکاڵ

2– ئاژەلداری

3–کانزا وپیشەسازی تا رادەیەك

4– گەشت وگوزار

# بەشی چوارەم
# هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەزموونی دیموکراتی

# هەرێمی کوردستانی عێراق (باشووری کوردستان)

لەئەنجامی ئەو هەلومەرجە سیاسیە نوێیەی کەبەهۆی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت، لەپاش ١٩٩٠/٨/٢ لەعیراق و ناوچەکە هاتەئاراوة، بۆ یەکەمجار لەمێژووی خەباتی گەلی کوردستان لەعێراقدا، بەرەی کوردستانی بەپشتیوانی و بەشداری جەماوەری کوردستان توانیان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عێراق، بەشاری کەرکوکیشەوە رزگاربکە ن

بەڵام دواتر، رژێمی سەدام بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێرو دهۆکی داگیرکردەوە، بۆدەربازبوون لەشاڵاوی کوشتنی دڕندانەی رژێمی سەدام، گەلی کوردستان بەکورد و تورکمان و مەسیحیەوە، لەکۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنووریەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد. هاوکات هێزی پێشمەرگە لەناوچە شاخاویەکان، لەهەردوو ناوچەی کۆڕێ لە هەولێر،و چیای ئەزمڕ لەسلێمانی، سەنگەری بەرگریان قایم کردو ئازایانە هێزی پەلاماردەری سوپای عیراقیان تێك شکاند. دواتر لەسەر پێشنیازی فەرەنساو بەپشتیوانی ئەمریکاو بەریتانیا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بڕیاری٦٨٨ ی دەرکرد، بەهۆیەوە ناوچەی (پەناگەی ئارام) بۆ خەڵکە ئاوارەبووەکەی ناوچە سنووریەکان، لەدژی فڕینی فڕۆکەکانی سوپای عێراقی لە سەرووی هێلی پانی ٣٦ پلە، بۆ پاراستنی گەلی کوردستان دیاریکرا.

هەرێمی کوردستانی عێراق پێکهاتووە لە چوار پارێزگا (هەولێر وسلێمانی و دهۆك و هەلەبجە)، وە بەشێکی کوردستانی باشور دەکەونە چوارچێوەی ماددەی (140) لە دەستوری عێراقی سالّی (2005) کەرکوك و خانەقین ومخمور، کە پێیان دەوترێت ناوچە دابرێنراوەکان، وە هەروەها پایتەختی هەرێمی کوردستان هەولیرە، بەشی هەرە زۆری دانشتوانەکی کوردن وە زۆرینەی سەر بە ئاینی ئیسلام و سونە مەزهەبن، بەلاّم چەند پێکهاتەیەکی تریشی تیادایە وەکو تورکمان وئاشوری وکلدان ویەزیدی.

## ئەزمونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان

دوای شکست هێنانی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی سەدام، لە ١٩٩١/١٠/٢٦، حکومەتی عێراق دەستی کرد بەکێشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکان لەناوچەکانی کوردستان. ئەمەش بۆشاییەکی یاسایی و ئیداریی دروستکرد، بەرەی کوردستانی، کە لەحەوت حزب پێکهاتبوو، وەکو دەسەڵاتی دیفاکتۆی ناوچەکە، لەئاستی رووبەرووبوونەوەی ئەو تەنگەژە سیاسی و ئیداری و یاساییەدا بوو کە رژێم لەکوردستان دروستی کرد، ئەوەبوو لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بەرەی کوردستانی بیری لەدامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە، لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازادو دیموکراتیەوە.

بۆئەمەش سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، لیژنەیەکی تایبەتی لە (١٥) کەس لە حاکم و پارێزەرو مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێکهێنا، بەم شێوەی خوارەوە:

١- رەشید عەبدولقادر، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.

٢- مەعروف رەئووف، یەکەم وەزیری داد لە هەرێمی کوردستان.

٣- نازم حەوێزی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر.

٤- حاکم ئەمیر حەوێزی، ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر، دواتر بووە سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەلبژاردنەکانی کوردستان.

٥- شەمسەدین موفتی.

٦- مەحمود بابان.

٧- د. سەعدی بەرزنجی، راگری کۆلیژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین.

٨- د.خورشید شەوکەت رواندزی، مامۆستای کۆلیژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین.

٩- پارێزەر مستەفا عەسکەری.

١٠- فەرسەت ئەحمەد .

١٢- حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی، دواتر بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

١٣- بەختیار حەیدەری، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان.

١٤- قادر جەباری، دواتر بووە وەزیری داد لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم.

١٥- فەرەنسۆ هەریری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپەرلەمان. ساڵی ٢٠٠٠ لە کردەیەکی تیرۆریستیدا شەهیدکرا .

ئەم لیژنە تایبەتیەی پێکهات، دوای ئەوەی چەند دانیشتنێکی لەماوەی نێوان ١٩٩١/١٢/٢٣ تاوەکو ١٩٩٢/١/٢٨ ئەنجامدا، پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بەسەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد، و لەرۆژی ١٩٩٢/٤/٢٨ لەلایەن بەرەوە بڕیاری لەسەردرا، و بەناوی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق پەسەندکرا.

هەلبژاردنەکانی پەرلەمان و رابەری گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، لەرێگای دەنگدانی گشتی ونهێنی و راستەوخۆ، لە ١٩٩٢/٥/١٩ بەبەشداری نزیکەی یەك ملیۆن دەنگدەر، کەنوێنەرایەتی زیاتر لەسێ ملیۆن ونیو هاوڵاتیان دەکرد، ئەنجامدرا. کەبەهاوکاری وپشتیوانی چاودێرانی بیانی ودۆستانی گەلی کورد بەڕێوەچوو.


و بەپێی یاسای هەلبژاردن هەرحزبێك دەبوایە 7% دەنگەکان بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی کورسیەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات.

## – خولی یەکەم 1992

یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لەکوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە(1)ی بەرەی کوردستانی لە 1992\5\19 بەسەرپەرشتیو چاودێری نوێنەرانی چەندین رێکخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپاو رۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا، کە(967229) دەنگدەر بەشداریان تێدا کرد.

کە بە سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی بەرێوەچوو، کە تەنها لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشان چوونە ناو پەرلەمان لە کۆی 105 کورسی پەرلەمان هەردوو حزبی گەورە یەکی لە سەدا ئەنجای کورسیەکانیان بەرکەوت. وە بە پێی بریاری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی (5 کورسی بۆ مەسیحیەکانی کوردستان تەرخانکرا.

# شەری ناوخۆ وپەككەوتنی پەرلەمان




الخارطة رقم «٤»

كوردستان العراق والمناطق المحررة منها ومناطق نفوذ الحزبين الرئيسيين العسكرية

CS Scanned with CamScanner

## خولی دووەم 2005

لەرۆژی 30 کانوونی دووەمی ساڵی 2005 خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا کەهاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کەدوای رووخانی رژێمی سەدام لەکوردستان و عیراق ئەنجام درا.

لەم خولەدا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان زیادکرا لە (105) کورسی بۆ (111) کورسی. کە بە سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی بوو (13) لیست بەژداریان تیادا کرد تەنها (3) لیست توانیان بچنە ناو پەرلەمان ئەوانیش لیستی نیشتمانی کوردستان کە (104) کورسی بەدەست هێنا وە لیستی کۆمەڵی ئیسلامی (6) کورسی و لیستی حزبی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان (1) کورسیان بەدەست هێنا.

# خولی سێیەم

ڕۆژی 25/7/2009 پرۆسەی خولی سێیەمی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکەشێکی ئارام و بەئامادەبوونی چەندین چاودێری نێودەولەتی و بیانی و عەرەبی و ناوخۆیی سەرکەوتووانە بەرێوەچوو.

لەهەلَبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا 24 لیست بەشداری هەلَبژاردنیان کرد، بۆ کێبرکێ لەسەر 111 کورسی و تیایدا 11 لیست توانیان رێژەی یاسایی بەدەست بێنن و بێنە ناو پەرلەمان.

لە مانگی شوباتی ساڵی 2009 واتە پێش هەلبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان، یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەموارکرایەوە ڕێژەی کۆتای ئافرەتان لە 25٪ بەرزکرایەوە بۆ 30٪ لە سەد، وەهەروەها ڕێژەی کورسی کۆتا بۆ پیکهاتەکان زیادکرا بەم شێوەیە:

(5) کورسی بۆ (کلدان ، ئاشوری، سریان)

(5) کورسی بۆ (تورکمانەکان)

(1) کورسی بۆ (ئەرمەنیەکان)

## خولی چوارەم

رۆژی 21/9/2013 پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەسیستمی نیمچەکراوە بەڕێوەچوو، تیایدا (31) لیست بەشداری پرۆسەکەیان کردوو سەرەنجام (17) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن.

## خولی پێنجەم:

سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان  بە مەرسوومی ژمارە 1 ی ساڵی 2018 رۆژی 30/9/2018 دیاری کرد وەك وادەیەك بۆئەنجامدانی هەلبژاردن و وە خۆلی پێنجەمی لەو وادەیە ئەنجام درا. لەم خولەدا 29 لیست بەژداریان کرد، 16 لیست توانییان کورسی پەرلەمان بە دەست بهێنن.

## خولی شەشەم

لە 20/10/2024 هەلبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. پێش ئەم هەلبژاردنە دادگای باڵای عێراقی بریاری دا ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان لە (111) کورسی کەم کردەوە بۆ (100) کورسی، وژمارەی کورسی کۆتای لە (11) کورسی کرد بە (5) کورسی.

## مەرجەکانی ئەندام پەرلەمان بە پێی ماددە (21) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو:

پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، ئەم مەجانەی تیادابێت.

لە هاوڵاتیانی کوردستان–عێراق ولێی نیشتەجیٚ بێت.

تەواو شیاوبێت و گەیشتبێتە تەمەنی بیست وپێنج ساڵ.

بە باشی خوێندن و نوسین بزانێت.

حوکم نەدرابیٚ بەو تاوانانەی پەیوەندی هەیە بە رەوشت و ئادابی گشتی و دەست پاکی.

حوکم نەدرابیٚ بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست یان دزی.

لەو تاوانانەدا بەژداری نەکردبێت کە دەسەڵاتی سەرکوتکار لە کوردستان پلانی بۆ دانابێت یان ئەنجامی دابێت

## ئەرك و دەسەلاتەكانی پەرلەمان بە پێی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1) ساڵی 1992 پەرلەمانی كوردستان

1-یاسادانان

2- بریاردان لە سەر ریكەوتنەكان و یەكلایی كردنەوەی كێشە چارەنوسسازەكانی گەلی كوردستان-عیراق، دیاری كردنی پەیوەندی لە گەل دەسەلاتی ناوەندی.

3- دەستنیشانكردنی دەسەلاتی جێبەجێ كردن ئەویش دەسەلاتی دیاری كردنی ئەندامەكانی هەیە.

4-متمانەدان بە دەسەلاتی جێبەجێ كردن یان لێسەندنەوەی.

5-بریاردان لە سەر بودجەی گشتی و پلانەكانی گەشەپێدان.

6-چاودێری دانان لە سەر دەسەلاتی جیبەجێكردن.

7-پێكهێنانی لیژنەی جۆربەجۆر بۆ لێكۆلینەوە لە هەر كاروبارێكی بیەوێ.

8- دانانی پەیرۆی ناوخۆی دیاریكردنی میلاكات و بریاردان لە سەر بوجەكەی و دامەزراندنی كارمەندەكانی.

9-پێكهینانی لیژنە هەمیشەیی و كاتییەكان لە ئەندامانی ئەنجومەن بە پێی پێرەوی ناوخۆی.

10- دانانی رێسا بۆ تۆمەتباركردنی ئەندامەكانی لە كاتی شكاندنی ئەو سوێندە ی كە خواردوویانە.

11-یەكلاكردنەوەی ئەو تانانەی كە پێشكەش كراون لە بارەی دروستی هەڵبژاردنی ئەندامەكانی، ئەندامێتش بە زۆرینەی دەنگی دوو لە سەر سێی ئامادەبیوانەوە نەبێ هەڵناوەشێتەوە.

# کارەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی ناوخۆیی پەرلەمان

**هەموو ئەو کارانە لە خۆ دەگرێت کە لە لایەن ئەندامەکان ئەنجامدەدرێن لە ناوخۆی پەرلەمان بە مەبەستی ڕێکخستنی کار و بەردەوام بوونی وە هەموو ئەوانەی پەیوەندی هەیە بە ماف و ئەرکەکانی ئەندام پەرلەمان.**

–پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی 2018.

## ئەرك و دەسەلاتەكانی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بە پێی مادە 18 لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلمان

یەكەم: نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان و قسەكردن بە ناوییەوە.

دووەم: جێبەجێكردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەكانی پەرلەمان.

سێیەم: كردنەوەی خول و دانیشتنەكانی پەرلەمان، و سەرۆكایەتیكردنییان، كۆتاپێیتێنان و دواخستنیان، دەست نیشانكردنی كاتی ئەجنامدانیان.

چوارەم: بەرزەفتكردنی گفتوگۆكان و پارێزگاریكردن، لە رێكارییەكان وپارێزگاریكردن، لە شكۆی پەرلەمان.

پێنجەم: گرتنەبەری رێكاری پێویست، بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ناو پەرلەمان.

شەشەم: خستنەڕووی ئەو بابەتانەی، پێویستیان بە دەنگدان و راگەیاندنی ئەجنامەكان هەیە.

حەوتەم: نوێنەرایەتیكردنی پەرلەمان، لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتیمانییەكاندا، دەشێت جێگری سەرۆك، یان سكرتێر ی پەرلەمان ، یان هەر ئەندامێكی تر ، بۆ ئەوكارە ڕاسپێرێت.

هەشتەم: سەرجەم ڕەفتارە یاسایی (التصرفات القاونی) و كارگێریی ودارایيانەی، كە بە پەرلەمانەوە پەیوەستن دەگرێتەبەر.

نۆیەم: ناردنی بڕیار و یاسا پەسندكراوەكان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، بە مەبەستی دەرچواندنیان.

دەیەم: هەژماردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی، لە ماوەی دیاریكراودا، لە لایەن سەرۆكی هەرێمەوە بەیاسا و بڕیاری دەركراون.

یازدەم: واژۆكردنی سەرجەم نوسراوە فەرمییەكان، لەگەڵ دەسەلاتی جێبەجێكردن و لایەنی تری ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

دوازدەم: واژۆكردنی سەرجەم ئەو نامە و نوسراوانەی، لە پەرلەمانەوە، یان لە یەكێك لە لیژنەكانیەوە دەردەچن و دەكەونە چوارچێوەی دەسەلاتی سەرۆك.

سێزدەم: دەرچواندنی بڕیاری خانەنشینكردنی ئەندامانی پەرلەمان.

چواردەم: پیادەكردنی هەردەسەلاتێكی دی، كە ئەم پەیڕەوە و یاسا كارپێكراوەكان پێیان بەخشیوە.

دەسەلاتەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
مادده (19) له پەیرەوی ناوخوی پەرلەمانی کوردستان

یەکەم: پیادەکردنی سەرجەم دەسەلاتەکانی سەرۆك، لەکاتی ئامادەنەبوونیدا.
دووەم: هاریکاریکردنی سەرۆك، بۆ رایکردنی ئەرکەکانی.
سـێیەم: سەرپەرشـتیکردن و بەدواداڵچوونی کـاری لیژنـەکان و پێشکەشـکردنی ڕاپۆرت دەربارەیان، بۆ سەرۆك.
چوارەم:سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنه هەمیشەییەکان.
پێنجەم: بەشداریکردن، لەکارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی، وەك ئەندام تیایدا.
شەشەم: هەردەسەلاتێکی تر کە سەرۆك پێی دەدات، یان لە یاسـا کارپێکراوەکانـدا

دووەم: سەرپەرشتیکردنی نوسینی کۆنووسی دانیشتنی پەرلەمان و بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و چاپکردن و دابەشکردنیان بەسەر ئەنداماندا، پاش پەسەندکردنیان لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە.
سێیەم: تۆمارکردنی ناوی ئەو ئەندامانەی دەیانەوێت بەشداری گفتوگۆ بکەن، بەپێی ڕێزبەندیی کاتی داواکارییەکانیان.
چوارەم: دڵنیابوون، لە بوونی ڕێژەی یاسایی دانیشتنت و ئەجنامدانی کاری تۆمارکردنی ناوی ئامادەنەبووان، بەپاساو و بیّ پاساو.
پێنجەم: چاودێریکردن و ژماردنی دەنگەکان، لەکاتی دەنگدان و دڵنیابوونەوە لە ئەنجامەکان.
شەشەم: بەدواداچوونی کاروباری ئەندامان و خستنەڕووی کێشە و داواکاری و پێشنیارەکان، بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، بۆ بریارلێدانیان، ئەگەر خۆی نەیتوانی چارەسەریان بکات.

## لێژنەکانی پەرلمانی کوردستان بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلمانی کوردستان

مادەی (28):

یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکان لە ماوەی (25) رۆژدا لە رێکەوتی کۆتاییهاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن.

چوارەم: دەستەی سەرۆکایەتی لە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا توانا و پسپۆڕی و خواست و پێویستیی لیژنەکان لەبەرچاو دەگرێت.

- مادەی (41):
هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکەیدا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو یاسا گشتییانەی بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم پەیوەندیدارن، هەروەها چاودێریکردنی گونجانی سیستەم و ڕێنماییەکان کە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی یاساکە دەرچوویندراون لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی یاساکە، لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێویستە ڕاپۆرتێك لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونیان و پێشنیازەکانیان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش دەتوانن ئەوەی گونجاوە لەژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکە بیگرنە بەر.

**لێژنە هەمیشەییەکانی خولی پێنجەم ٢٠١٨**

لیژنەی کاروباری یاسایی

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

لیژنەی پێشمەرگە

لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

لیژنەی کاروباری شەهیدان وجینۆساید و زیندانیانی سیاسی

لیژنەی پەیوەندییەکان ورەوەندی کوردستانی

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

لیژنەی وزە وسامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی

لیژنەی شارەوانی وگواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار

لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان

لیژنەی دەستپاکی

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ

لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان

لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان

لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت

لیژنەی کاروباری پەڕلەمان و سکاڵا

# سەرچاوەکان

١- بەشێکی زۆری زەنيارييەکان لە سايتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان وەرگيرەوە.

٢- المكتب السياسي لحزب الديموقراطي الكوردستان، كوردستان، نبذة تاريخية جغرافية اقتصادية، الطبعة الأولى، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، دراسة رقم (33)، مطبعة وززارة تربية، هةولير،1998.

3-بەشير حسين سەعەدی، پەيام لە مێژووی نەتەوەی کورد، هەولیرك ١٩٩٧.

٤- چەند وتارێکی تايبەت بە زمانی کوردی.